https://doi.org/10.26682/chjuod.2021.24.1.2

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتى و كومەلناسى)، بپ 25-33، 2021 (ژمارەكا تايبەت)

كونفرانسێ زانستى يێ نيڤدەولەتى يێ دووێ، پشكا مێژوو-كوليژا زانستێن مروڤايەتى-زانكويا دهوك-رێكەفتى 24-25 شوبات،2021

# وێنای شێوێنراوی کورد لای مەعن ئەلعجلی لە پەرتوکەکەیدا (ماذا في شمال العراق)

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری

ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر

بەشی مێژوو، فاکولتیا پەروەردە، زانکۆیا کۆیە، هەرێمی کوردستان-عیراق

*((مێژوویا وەرگرتنا بەلاڤکرنێ: 23 شوبات، 2021))*

## پوختە

**نووسینەوەی مێژوو لای گەلان بایەخێکی یەکجار گرنگی هەیە، چونکە لەو رێگەیەوە دەتوانن ئاشنا ببن بە رابردووی خۆیان و داهاتوویەکی باشتریش بنیاد بنێن. جا ئەم نوسینەوەیە ئەوکاتە بایەخەکەی زیاتریش دەبێت، کاتێك مێژووی هەر میللەتێك لەلایەن نەیارەکانی دەشێوێنرێت .**

**کوردیش وەك نەتەوەیەکی جیهان، مێژووەکەی هەورازو نشێووی زۆری تێدایە. بۆیە لەلایەن خەڵکانی ترەوە، بەئەنقەست بێت یان نا،مێژووەکەی دووچاری شێواندن و وێناکردنێکی نا زانستی و دوور لەراستی بۆتەوە. لەم رووەوە لە باشووری کوردستان، بەوپێیەی کورد لەگەڵ عەرەب لەچوارچێوەی دەوڵەتێك دەژین کە عێراقە. هەربۆیە لەلایەن نەتەوەی سەردەست کەعەرەبە هەوڵی سڕینەوە یان بەلایەنی کەم شێواندنی مێژووەکەی دراوە. وە ئەم جۆرە هەنگاوو هەوڵانەش لەوکاتانەدا زیاتر پەرەی سەندووە، کاتێك جوڵانەوەیەکی بەهێزی کورد لە ئارادا بووبێت .**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی یەکێك لەو بەرهەمانەی دەربارەی کورد دەدوێت، هەوڵی ناشیرین کردنی کوردو شێواندنی مێژوەکەی دەدات. ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، بۆ یەکەم جارە لە کوردستان ناوەرۆکی کتێبەکە بناسێنرێت و هەمیش توێژینەوەیەك دەربارەی ئەنجام بدرێت و بە خوێنەران و پسپۆرانی بواری مێژوو ئاشنا بکرێت. کتێبەش ناوی (ماذا فی شمال العراق)ە، نووسەرەکەی(مەعن ئەلعجلی)یە. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی کتێبەکەو هەوڵمانداوە ناوەرۆکەکەی، ئەوەی پەیوەندی بە چوارچێوەی توێژینەوەکە هەبێت، بیخەینە روو. لەگەڵ وەڵامدانەوەی زانستیانە بۆ شێواندنە جۆراوجۆرکانی.**

***کلیل و وشەکانی توێژینەوە:*** کوردو کوردستان، مەعن ئەلعجلی، پێشمەرگە بارزانی، عێراق.

## پێشەکی

مێژووی کورد و کوردستان، دەمێکە جێگەی خۆی لەنێو بەرهەمەکانی نووسەرانی نا کورد کردۆتەوە. نوسینی ئەم مێژووەش هەندێ جار ئەرێنی بووەو هەندێ جاری تریش نەرێنی بووە، جا بەمەبەست بووبێت یان نا. بۆیە گرنگە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم بەرهەمانە بکرێت، کە لەسەر کورد نوسراون لەلایەن خەڵکانی بیانی، بەتایبەتی نووسەرانی ئەو نەتەوانەی لەگەڵ کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتێك دەژین و بەشێکی خاکی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە.

لەسۆنگەی ئەمەی سەرەوە، توێژینەوەکەی ئێمە دەربارەی یەکێك لەو بەرهەمانەیە کە لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو و بەدیاریکراوی لەساڵی 1968 نووسراوە، لەژێر ناونیشانی (ماذا فی شمال العراق)و نووسەرەکەشی ناوی (مەعن ئەلعجلی )یە. هەوڵمانداوە، لەرێگەی ئەم توێژینەوەیە، ئەو لایەنە مێژووییانە روون بکەینەوە، کە (عجلی) شێواندوونی و دواتر بە پێی پێویست، لەبەر رۆشنایی سەرچاوەی زانستی، هەڵەکانی راست بکەینەوە وەڵامی دروستمان بدەین.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، هەرچەندە کتێبەکە دەچێتە خانەی ئەو سەرچاوانەی لەدژی کوردو بەرژەوەندی دەسەڵات داران نووسراوە، بەڵام بۆچوونی نووسەرێکی نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی سوننەی عێراقمان بۆ روونەدکاتەوە، دەربارەی کوردو کوردستان و دۆزەکەی لەو سەردەمەدا.

توێژینەوەکە،لە ناساندنی کتێبەکەونووسەرەکەی و دوو تەوەرە پێك دێت. یەکەمیان دەربارەی

Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

شێواندنی چەند لایەنێكی مێژووی كوردە، كەتیایدا عجلی بوونی كورد وەك نەتەوەیەكی سەربەخۆ، رەتدەكاتەوەو هێرش دەكاتە سەر نووسەرە نەتەوەییەكانی كورد لەو سەردەمەدا. هەرچی تەوەرەی دووەمیشە، ئەوە تەرخانكراوە بۆ باسكردنی هەوڵەكانی نووسەری كتێبەكە، بۆ شێواندن و بە لارێدابردنی دۆزی كورد لەباشوور لەو سەردەمەداو بۆچوونە هەڵەكانیمان خستۆتە روو ، دواتر وەڵامی زانستیانەی دراوەتەوە.

**- دەربارەی نووسەرو كتێبەكەی:**

1- نووسەر : ناوی تەواوی (مەعن شەناع جەناح ئەلعجلی )ە، ساڵی 1922 لە سوق الشيوخ لە ناسریە لەدایك بووە، كاتێك تەمەنی بۆتە هەشت ساڵ، چۆتە قوتابخانەیەكی ئاینی و لە سەر دەستی زانایەكی ئەوكات، ناوی (عەبدولعەزیز حەنتوش )بووە، دەستی بە خوێندن كردووە. وەك خۆشی باسی لێوەدەكات، زۆر سەرسام بووە بە ئاكارو ئاستی زانینی و خوێندەواری مامۆستاكەی (**العجلي، 2010: 16**).

دواتر چۆتە شاری نەجەف و لەوێش پەرەی بەخوێندنە ئاینیەكەی داوە، بنەماڵەكەیان شیعە بوونە و دواتر بوونەتە سوننە (**خیون، 2017: 9**).

لەسەرەتای تەمەنی لاویشدا، تێكەڵ بە بیری ناسیونالیستی عەرەب بووە و یەكەم بەرهەمیشی لە ژێرناونیشانی (چەند وانەیەك لە نەتەوایەتی عەرەبی) بووە. دواتر پەیوەندی بە رێزی كۆمەڵەی برایانی موسڵمان كردووەو ماوەیەك لەگەڵیان كاری كردووە (**خیون،2017: 9**). خاوەن چەند بەرهەمی چاپ كراوە، كەزیاتر لە پانزە سەرچاوە دەبێت (**الغزي:2012**).

**2- كتێبی (ماذا فی شمال العراق ):**

ئەم بەرهەمەی (مەعن ئەلعجلی )،لە ساڵی 1968 لە چاپ دراوە و وە لەسەری نووسراوە چاپی یەكەم، بێ ئەوەی ناوی چاپخانەكەی لەسەربێت. بەگشتی سەد لاپەرەیە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە. تەواوی ئەم بەرهەمە كەنووسراوە دەربارەی دۆزی كوردە، پشتی بە هیچ سەرچاوەیەك نەبەستووە. هەرچەندە نووسەر ناوی هەندێ نووسەر دێنێت، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەكانیان و ژمارەی لاپەرە بكات . ئەمەش بەو واتایە دێت، كە ئەم بەرهەمە سەرچاوەیەكی نا ئەكادیمیەو بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئەوكات نووسراوە و زیاتر خۆی لە كتێبێكی پروپاگەندەی راگەیاندن دەنوێنێت. زیاتر بۆ وروژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی عێراق و عەرەبی دەرەوەیە. بۆئەوەی لە مەترسی دۆزی كورد تێبگەین، كە چ مەترسیەكی گەورەیە، بۆسەر جیهانی ئیسلامی و عەرەبی. وەك عجلی ئاماژەی پێدەكات.

هۆكاری نووسینی ئەم كتێبەش ئەوەیە، وەك نووسەر خۆی ئاماژەی بۆدەكات، كە هەستی دڵسۆزی و ئازارچەشتن و بەرگری كردن لە كورد وای لێكردووە، ئەم بەرهەمە بنوسێت، بەر لەوەی بەرگری كردن لە عێراق و دەرخستنی راستیەكان بێت. هەروەها باس لەوەش دەكات كە هۆكارێكی تریشی بریتییە لەوەی مەترسی "جوڵانەوەی بارزانی" (شۆرشی ئەیلول ) و نووسەرانی نەتەوەیی كورد "نووسەرانی پێشمەرگە" وەك ئەو ناویان دەبات، روون بكاتەوە.

بەڵام لەراستیدا و بە بۆچوونی ئێمە، هۆكاری نووسینی دەگەرێتەوە بۆ ئەو شەپۆڵە بەرهەمانەی لە ناملیكەو كتێب لەو سەردەمەدا دژی كورد دەنوسران و دەردەكران ، لەلایەن هەندێ كەسانی نەتەوەیی، چ نووسەر بن یان مامۆستای زانكۆ یان ئەفسەری سەربازی، بە هاندان و پاڵپشتی وكۆمەكی دارایی دەسەڵاتدارانی ئەو كات. لە نموونەی ئەو كتێبەكانەش ( الاكراد فی نظر العلم) هی (محمد رشيد الفيل ) و ( ضوء علی شمال العراق) هی (نعمان ماهر الكنعاني ) و (الحكومة الوطنية ومشكلة الشمال) هی (هادي خماس ) و چەندانی تر.

## تەوەرەی یەكەم: شێواندنی هەندێ لایەنی مێژووی كورد

نووسەر هەر لە پێشەكی كتێبەكەیدا هەوڵی شێواندنی مێژووی كورد دەدات. كاتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لە ناو كورد كۆمەڵە نووسەر و خەڵكانێك پەیدا بوونە، دەیانەوێت رابردووی كورد بگەرێننەوە سەر چەندین نەتەوەی كۆن كە لەم ناوچەیە ژیاون، وەك هەخامەنشی و

Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

گۆتیەكان. بۆیە لە دیدی (عجلی) نەتەوەیەكی كۆن بوونی نیە بە ناوی نەتەوەی كورد، بەڵكو ئەو پێوایە كورد بەشی زۆریان دەگەڕێنەوە سەر عەرەب*هەڵبەتە ئەو بەزمانیكی نەتەوەیی ــ ئاینی ئەمە دەردەبڕێت ( **العجلی، 1968: 4–5**).

دیارە بەو پێیەی (عجلی) شارەزای مێژوونیە، دەكەوێتە چەندین هەڵە، بۆنموونە باس لەوە دەكات كە نووسەرو مێژوونووسانی كورد، نەتەوەكەیان دەگێرنەوە سەر فارسەكان بێ ئەوەی بەڵگەیەكی زانستی بخاتە ڕوو. واتا لێرەدا (عجلی) هەوڵی ئەوە دەدات نووسەرانی كوردو مێژوونووسەكانی، بەوە تۆمەتبار بكات كە كار بۆ ئێران دەكەن** . ئامانجیشی ئەوەیە كە بە عەرەبی عێراق بڵێت، پێویستە ڕووبەڕووی كوردو مێژووەكەی ببنەوە و رەوایەتی بداتە هەوڵەكانی دژایەتی كردنی كورد .

(عجلی)هەر بەمە ناوەستێ كە هەوڵی شیواندنی ڕەچەڵەكی كورد دەدات. بگرە بە بایەخێكی نزم سەیری یادو بۆنەو سمبولەكانی مێژووی كورد دەكات. لەم بارەیەوە كاتێك باسی نەورۆز و كاوە و و زەردەشت دەكات*، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە ئەمانە بۆنەو یادو سیمبولی " ئاگرپەرستەكانن" و لەگەڵ "ڕەوشتی كوردو باوەڕە ئیسلامیەكەی" دژ بەیەكن ( **العجلی،1968: ص4**).

ئا لیرەدا ( عجلی) دەیەوێت ئەم بۆنەو یادەنەتەوەییە كوردانەیە لەبەردەم تاكی كورد وا پێناسە بكات، كە كورد بۆ ئەوەی دوور بێت لە ناوهێنانی وەك ئاگر پەرست، پێویستە دووركەوێتەوە لە یادكردنەوەی بەشێكی مێژووەكەی. هەروەها بۆ ئەوەی لە بەردەم عەرەبدا ڕێز لێگیراو بێت، پێویستە پابەندی ئەو چوارچێوەیە بێیت كە لای عەرەب پەسەندە و خۆی لە جێبەجێكردنی بنەماكانی ئایینی ئیسلام دەبینێتەوە.

لایەنێكی تری ئەم شیواندنی مێژووی كوردوكوردستان، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، كاتێك(عجلی) هێرشێكی توند دەكاتە سەر رۆژنامەی (التاخی)** تۆمەتباری دەكات بەوەی كە بابەتی نەتەوەیی دەوروژێنی و هانی كورد دەدات دژ بە عەرەب بووەستنەوە.(**العجلی، 1968**: ص**81– 88**).وا پێ دەچێیت ناوبراو ئاگاداری تەواوی بابەتەكانی ئەم رۆژنامەیە نەبووبێێت. چونكە لە زۆربەی بابەتەكان، باس لە پێویستی دۆزینەوەی چارەسەری بنەرەتی دۆزی كورد لە عێراق داو ئازادكردنی بەندكراوە سیاسیەكان و برایەتی عەرەب ـ كورد دەكات، كە هەمیشە وشەی عەرەبی پێش كورد خستووە لەم رووەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی (التاخی) پرژاوەتەوە سەر باسكردنی گرنگی جێبەجێكردنی یاساكانی نەوت لەو سەردەمەدا، كە بە بۆچوونی ئەم رۆژنامەیە، دەبێتە مایەی خێروخۆشی بۆ گەلانی عیراق. وە لە سەرووی هەموو ئەمانەوە، ئەم رۆژنامەیە بە پێچەوانەی ئەوەی (العجلی) باسی دەكات، كە كورد هەمیشە بەكارهێنراون بۆ لێدان لەعێراق و سوپاكەی . زۆر بایەخی بەو بابەتانە داوە كە پەیوەندی بە عەرەبی دەرەوەی عێراقیشە، لەوانە كیشەی فەلەستین و جەنگی عەرەب – ئیسرائیل ساڵی 1967( **ئیمینكی، 2013**: ص **73––129**). وەلە زۆربەی

---

* وەك زۆر لەنوسەرانی تری عەرەبی عێراق یان دەرەوەی. ( عجلی) بۆ دەوڵەمەندكردنی بۆچوونەكانی ناوی چەند مێژوونووسێكی وەك مەسعودی و تەبەری و ئیبن ئەسیر دەبات، بەڵام پێناچێیت بە ووردی ئەم سەرچاوەكانیانی خوێندبێتەوە. چونكە نە ئاماژە بۆ ناوی بەرهەمەكانیان دەكات نە بەش و لاپەرەكانیش دیاری دەكات. لە چەندین شوێن لە كتێبەكەیدا ئەوە دوپات دەكاتەوە. (**بروانە: هەمان سەرچاوە. ل 83**).

** چونكە لە بنەرەتدا كتێبەكەدا بۆ دژایەتی كورد نووسراوە، وە پەیوەندیەكانی عێراق ـ ئێران ئالۆزبوون، بۆیە دەیەوێت دۆزی كورد تیكەڵ بە دۆسیە ئاڵۆزەكانی عێراق ـ ئێران بكات. وە بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندیەكانی عێراق ـ ئێران و كاریگەری بەسەر كورد لە باشوور. بروانە: ( **علو، 2006، 19-239**).

** التاخی: رۆژنامەیەكی سیاسی بوو ، لە لایەن پارتی دێموكراتی كوردستان ساڵی 1967 لەبەغدا دەرچوو، تا ساڵی 1974 بەردەوام بووە لە دەرچوون، لەو ماوەیەدا بە گشتی 1853 ژمارەی لێ دەرچووە، كە دواییان لە 12ئاداری 1974 بوو، دواتر بەهۆی تێكچوونی پەیوەندیەكانی كورد و حكومەتی ناوەند . سەرجەم كارمەندەكانیان بەغدایان جێهێشت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم رۆژنامەیە بڕوانە: ( **ئیمینكی، 2013: 29– 70**).


Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

ژمارەکانی ساڵی 1967 باسی ئەو بابەتانە کراوە* .

هەرچەندە ، ئەم رۆژنامەیە، وەك ئاماژەمان پێکرد لە زۆربەی ژمارەکانی ، لە سەنگەری نەتەوەی عەرەب بووە، دژ بە نەیارەکانی، کەچی (عجلی) نووسەرانی بابەتەکانی رۆژنامەکە، دەچوێنێیت بەو گروپانەی لە مێژووی ئیسلام بە لادەر لە ئاین یان تیکدەر ناسراون وەك ؛ باتینیەکان، زەندیق، قەرامیتەکان. چونکە لە دیدی (عجلی) ئەو نووسەرانەی رۆژنامەی التاخی باسیان لە مێژووی کورد کردووە کە بەو بۆ چوونی ئەو، مێژوویەکی نادیارە، ئەوەیان روون کردۆتەوە کە کورد، عەرەب نیەو نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. ئەمەش بەلای ( عجلی) تاوانێکەو دژ بە عەرەب ئەنجام دەدرێت( **العجلی،1968 : ص81–-84**).

هەروەها پێی وایە کورد کۆمەڵە هۆزێکی عەرەبن، بەڵام بە کوردی قسە دەکەن لێرەدا، نووسەری کتێیب دەکەوێتە هەڵەی زانستی، چونکە کە دەڵێت بە کوردی قسە دەکەن، واتا زمانێك هەیە ناوی زمانی کوردییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێیت نەتەوەیەکیش هەیە ناوی کوردە.

جگە لەمانەی باسکران، نووسەری کتێب هەوڵی وروژاندنی عەرەبی عێراق و دەورە دەدات، کاتێك دەڵێت: " ئەم رۆژنامەیە قینەو دووبەرەکی بڵاو دەکاتەوە، گەڵ لە دیدی ئەوان و پێشمەرگە و لە دیدی سەرکردەکەیان کە بارزانیە، بریتیە لە عەرەب، ئەوانیش دەبێیت بکوژرێن و سوپاکەیان تێکبشکێنرێت، لە گەڵ ئەو کوردانانەی باوەریان بە یەکپارچەیی خاکی عیراق هەیە ئەوانیش دەبێت لەناو ببرێن" ( **العجلی، 1968**:ص **84**).

لە لایەکی ترەوە هەوڵی وروژاندنی هەستی نەتەوەی تریش وەك تورکمان دەدات. کاتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کورد لە ڕێگەی پێشمەرگە و بڕیاری داوە دەبێت تورکمان لە سێدارە بدرێن و تەرمەنەکانیان رابکێشرێت و خانوەکانیان تێك بدرێت و لە خاچ بدرێن ( **العجلی، 1968**: ص**84**).

لەڕاستیدا ئەو تۆمەتانەی سەرەوە مایەی نانەوەی دووبەرەکی و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی ناوچەی تێکەڵن، وەك کەرکوك. ئەمە لە کاتێکدا لەتەواوی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە بابەتی هاندانی کوشتنی عەرەب و تورکمان بوونی نیە* .

## تەوەرەی دووەم: شێواندن و بە لارێدابردنی دۆزی کورد

لەدوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی 1921، کورد بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان بووە، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی. لەم پێناوەشدا چەندین شێوازی خەباتی گرتە بەر، لەوانە: چەکداری، رۆشنبیری، پەرلەمانی*. کاتیکیش سالی 1958 سیستەمی پاشایەتی ڕووخا، خواستەکانی کورد بەو ئاراستەیە بوو، بتوانن لە سیستەمی کۆماری، بەو مافانەی بگات کە نزیکەی چڵ سال بوو لە پێناویدا هەوڵ و تێکۆشانی دەدا، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی نوێی عێراق، کەسانی سەربازی بوون، وە بەشێکیان سەر بە ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەبی بوون. بۆیە هەر زوو ئەو ئاشتی و پیکەوە ژیانە لاوازەی هەشبوو، لەبارچوو. ئەوەبوو لە ساڵی 1961، کورد لە باشوور، جاریکی ترخەباتی چەکداری دەستی پیکردەوە . کە تا سالی 1975 درێژەی کێشا. ئەویش

---

* لە ژمارەی (25)ەوە کە لە ریکەوتی 1967/5/3 دەرچووە تا ژمارە (118)ی ریکەوتی 27/ 1967/8. لە زۆربەی بابەتەکانی تیشکی خستۆتە سەر ئەم لایەنە.

* لە هەموو ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە لەو سەردەمدا کە تا ساڵی 1974 درێژەی کێشاو خۆی لە 1583 ژمارە دەبینێتەوە ، بە پیچەوانەی ئەوەی عجلی باس دەکات بوونی هەیە. واتا باس لە برایەت و پیکەوەژیان دەکرێت . بۆ زانیاری زیاتر. بروانە: ( ئیمینکی، **2013**:ص **242.71**).

* دەربارەی خەباتی چەکداری کورد لە باشوور لەسەردەمی پاشایەتی بڕوانە: ( البارزانی، **2002**: **34–40** ، **127–-206)**

؛ دەربارەی خەباتی رۆشنبیری و پەرلەمانی بروانە : ( قادر، **2007**: ص**71– 114** ).

Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

شۆڕشی ئەیلوله (البارزاني،2002: 3) ؛ ( **علو، 2006: 207–215**).

لەماوەی (10) ساڵی یەکەمی تەمەنی دەسەڵاتی کۆماری هەر لەساڵی 1958 تاساڵی1968، کە ساڵی نووسینی کتێبەکەی (عجلی)یە، دەسەڵاتدارنی عێراق، هەوڵیان داوە لەرێگەی هاندان و ئاراستەکردنی نووسەران ومامۆستایانی زانکۆو ئەفسەرانی سوپا چەندین کتیب دەربارەی کورد بنوسرێت، بۆ نیشاندانی تێڕوانینی فەرمی و نافەرمی دەربارەی دۆزی کورد لە باشوور**.

سەبارەت بە (عجلی)، ئەوا بەشی هەرە زۆری

عیراقی پێ بشارێتەوە، خۆشی وەك تاکێکی عەرەبی عیراقی بە باگراوندێکی ئاییینی ناتوانیین ئەمە قبوول کتێبەکەی بۆ ئەو لایەنە تەرخان کردووە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کوردو حکومەتی ناوەند لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری دابوون. هەر بۆیە زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەر جولانەوەی نەتەوەی کورد و مەلا مستەفای بارزانی (1903-1979)و هێزی پێشمەرگە. وە هەوڵی زۆر دەدات بە شێوەیەك وێنایان بکات، کە ئەمانە " چەتەن" و نوینەرایەتی ڕاستەقینەی کورد ناکەن. دیارە ئەم هەوڵەی بۆ ئەوەیە کە ڕەوایەتی بداتە سوپای عێراق بۆ ئەوەی وەك ئەرکێکی ئاینی شەری کورد بکەن. نەك هەر ئەمە، بەڵکو تەوەریکی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ یەکێك لە سەخترین نەیارەکانی کورد، ئەویش (عبدالعزیز عوقەیلی)یە* . تیایدا باسی دڵسۆزی وئازایەتی عوقەیلی وکارەکانی دەکات، بە پاڵەوانی ڕاستەقینە ناوزەدی دەکات. ئومیدی ئەوەشی لەسەر هەڵچنیوە کە تاکە کەسە لەنێوسوپای عیراق، بتوانێت کۆتایی بە جوڵانەوەی چەکداری کورد بهێنێت. ( **العجلی، 1968: ص31–-49**).

نووسەر هەر لە تەوەری یەکەمەوە باس لەوە دەکات کە دۆزی کورد بوونی نییە، ئەوەی هەیە بریتیە لە پرۆژەیەکی دەرەکی و وڵاتانی دژ بە عێراقە، بۆ ئەوەی، بە بۆچوونی عجلی ، عیراق لەو ئەرکە راستەقینەکەی خۆی دوور بخەنەوە، کە خۆی لە هەڵگرتنی پەیامی نەتەوەیی عەرەبی دەبینێتەوە( **العجلی، 1968 : ص10**). لە ڕاستیدا ئەمە ناحەقیەکی گەورەیە دژ بەکوردو دەیەویت شکەستەکانی دەسەڵاتدارانی بکات ، کە کورد دۆزێکی تایبەت بە خۆی هەیە، خاوەن خاکێکە کە پێی دەگوترێت کوردستان.

دیارە، لە دوای مردنی عەبدولسلام عارف(1963–1966) سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی عیراق، جارێکی گفتوگۆ لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەند دەست پێ دەکاتەوە، کە سەرکەوتنی پێشمەرگە لەشەڕی هەندرێن و عەبدولرەحمان بەزازی سەرۆك وەزیران ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەم گفتوگۆیانە، سەرئەنجام بەیانی29ی حوزەیرانی 1966ی لێ کەوتەوە، کە ئەم هەنگاوە زۆرکەس و لایەنی عیراقی تورەو نیگەران **کرد** (**محمد، 2006: 271–-294**).

یەکێك لەوانەی دژی گفتوگۆکان بوو، عجلی بوو. هەر بۆیە هیرشیکی توند دەکاتە سەر بزافی نەتەوەیی کورد و مەلا مستەفا بارزانی و بە " بەکریگیراو خائین" لە قەڵەمیان دەدات وە هیرشیکی توندیش دەکاتە سەر ئەو کەس و لایەنە عیراقیانەی هەڵوێستێکی توند نانوێنن بەرامبەر بە کورد وهێزی پیشمەرگەو خودی مەلا مستەفا. وە تۆمەتباریان دەکات کە ڕۆلیان هیچ کەمتر نییە لە ڕۆڵی پیشمەرگە لە

---

** بۆ زانیاری دەربارەی ئەم سەرچاوە و نوسەرکانی . بروانە: ( قادر، **2016**: ص**31–-59**).

* عبدالعزیز عوقەیلی: سالی 1919 لەموسڵ لەدایك بووە، دواتر خویندنی سەربازی تەواوکردووە لەسالی 1938 و بە پلەی مولازمی دووەم بۆتە ئەفسەر. لە دوای ساڵی 1958 کراوەتە فەرماندەی تیپی یەکی سوپای عیراق. لە حکومەتەکەی عەبدوالرحمان (21 ئەیلول 1965 – 18 نیسان 1966) پۆستی وەزیری بەرگری وەرگرتووە و لەو ماوەیەی کە وەزیریش بووە زۆر بە توندی دژی داخوازیەکانی کورد وەستاوەتەوە و داوای کردووە بە زەبری هێز دۆزی کورد چارەسەر بکرێت. لە دوای ئەوەی بەعس بۆ جاری دووەم هاتنەوە سەر دەسەلات لە 1968، عوقەیلی دەستگیر دەکرێت و لە زیندان دەمێنیتەوە تا ئەو کاتەی لە ساڵی 1981 هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکات . بڕوانە: ( العبودی، **2009: 8–29** ).


Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

لاوازکردنی سوپای عیراق (**العجلی، 1968**:ص **8–11**) وە هۆشداری ئەوەیان دەداتێ، ئەوان بێ ئاگان لەوەی پلانیکی دەرەکی هەیە، بێ ئەوەی ناوەرۆکی پلانەکە بڵاو بکاتەوە، کە دەیەوێت دەولەتیکی کوردی لە "باکوری عێراق" دابمەزرێنن. هاوشێوەی دەوڵەتی ئیسرائیل ( **العجلی، 1968**:ص **20**).

ئەوەی ( عجلی) باسی دەکات شێواندنی راستیەکانە، چونکە ئەگەر پلانیکی دەرەکی هەبووایە، دەبوایە بەلایەنی کەم بەشێك لە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، هیچ کات داخوازیەکانی کورد لەو قۆناغەی نووسەر باسی لێوە دەکات، داوای سەربەخۆی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی داواکراوە بریتیە لە عیراقیکی فرە لایەنی دیموکراتی پێکەوەژیان و خودمختاری بۆ کوردستان( **محمد،2006**: ص**73–104**؛ **بادی**، ص**2008**: **242–263** ؛ **خۆشناو، 2016**: ل**74–90**).

(عجلی) زۆر هەوڵ دەدات کوردو ریبەرەکانی بە "پیاوی بێگانەو ئاگر پەرست و لادەر لە ئاینی ئیسلام" لە قەڵەم بدات. هەربۆیە تەوەرێکی تری کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆباسێك ناوی لیناوە" لە نێوان بارزانی و بابەکی خورەمی" کە سەرتاپای باسەکە پریەتی لە بابەت و زانیاری خورافی و ناواقعیی( **العجلی، 1968**: ص **72–80**).

ئەوەی بەلای ئیمەوە گرنگە، ئەوەیە مەبەستەکانی(عجلی) دیار بخەین لەم لێکچوونەی کردوویەتی. ئەویش ئەوەیە، هەرکەسێك دروشمی نەتەوەیی بەرزبکاتەوە، ئەوا دەخرێتە چوارچیوە بەشەیتانی کردنی ناو وناوبانگەکەی و بە پیاوی بێگانە ناوزەند دەکرێت.

بەشیکی تری شێوانەکانی(عجلی) بۆ مێژووی کورد. بریتیە لەهێزی چەکداری کورد کە بە پێشمەرگە ناسراوە* ئەو بە دروستکەری مەرگ ناویان دەبات. سەرەتا وا پێناسەی پیشمەرگە دەکات، کە ئەمانە سوپایەکی زەردەشتین، بە روحێکی زایۆنی کار دەکەن، دواتر باس لەوە دەکات کە پێشوتر و بەر لەسەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلول، " گەنجی کورد، خاوەن بیروباوەریکی ئایینی ئیسلامیانەی تەواوبوون. هۆگری مزگەوت و ئەنجامدانی سروتە ئاینەکان بوون. کاریان تەنها خزمەت کردن بوو بە ئیسلام و تەنها گوی بیستی ووشەی باوەڕ و ئایینداری دەبووی لێیان" ( **العجلی،1968**: ص**59**). دواتر دەپرژێتە سەر ئەوەی کورد و عەرەب هەر وەك برا بوونە لە دێر زەمانەوەو ئەم ئاینی ئیسلامە زیاتر بەیەکی بەستونەتەوە. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کورد بە درێژایی مێژوو سەربازی بەوەفای ئیسلام بوونەو " هەر هەموویان موسلمان بوونە و تەنانەت تاکە کوردیك نەماوە لە جیهان کە موسلمان نەبیت" ( **العجلی، 1968** :ص**60**).

ئەوەی لێرەدا جیگەی هەڵوەستەکردنە ئەوەیە، (عجلی)چەندین جار دەکەوێتە هەڵەی زانستی و زانیاری دژ بەیەك. بۆ نموونە کاتێك باسی داخوازیە نەتەوەییەکانی کورد و بزاڤەکەی دەکات، نکوڵی لە بوونی نەتەوەیەك دەکات ناوی کورد بییت. بەڵام کاتێك دەیەوێت ئامانجێکی سیاسی خۆی بخاتەڕوو، ئەوا بێ سڵەمینەوە باس لە بوونی نەتەوەیەك دەکات ناوی کورد بێت.

لەڕاستیدا ئەمە نەك هەر (عجلی)، بگرە زۆر لە نووسەرانی عەرەبی عیراق لەو کاتەدا ، هەمان بۆچوونیان هەبووە. ( **قادر، 2016**:ل **103–140**).

لە لایەکی تر ( عجلی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەنجی کورد، دوورکەوتۆتەوە لە ئایینی ئیسلام و لەم ڕووەوە دەڵێیت: "ئێستا کە دەچیتە باکووری عێراق، برا کوردەکانمان دەبینی" هەست بەوە ناکەی لەگەڵ خەلکە باوەردارە ڕاستەقینەکەی جاران دانیشتبێتی، ... چونکە لە ناوچەکانی ئەوان لە بری ئایینی ئیسلام ، بایەخ بە ئاینی زەردەشتی دەدرێت ... کە ئەوەش لە لایەن شیخ ئەحمەدی بارزانیەوە ئەنجام دەدریت

* بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پیشمەرگە، بروانە : ( هاواری، **2011**:ل **12–-24**).

Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

و گەنجی کورد گۆش دەکات بە بیری دژایەتیکردنی عەرەب"( **العجلی، 1968**: ل**62**).

لەڕاستیدا ئەمەی ئەو باسی دەکات دوورە لە ڕاستیەوە ، چونکە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، کە قورسایەکەی لە ناوچە لادێیەکان بوو، هەموو دێهاتێك مزگەوتی تیا بووە، بە سەدان مەلا لە ریزی ئەو شۆڕشە بوون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەربارەی شیخ ئەحمەد باسی لێوە دەکات دوورە لە ڕاستیەوە. چونکە چەندین لیکۆلینەوە هەن باس لەو لایەنە ناکات کە (عجلی) ئاماژەی بۆ دەکات ( **اسسرد،2008**:ل **277–295**).

هەر لە دریژەی باسکردنی هێزی پیشمەرگە، (عجلی) دەڵێت کە ئەم گەنجە موسڵمانە باوەڕدارەی جاران، ئێستا بوونەتە " دڕندەیەکی ئەوتۆ وەك بەرازیان لێهاتوە لە ڕەفتارو ئاکارو ژیان هەڵویستیان" ( **العجلی، 1968**:ص **63**).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبیتەوە، کە نووسەر لە ڕێگەی ئەو شیواندنەی ناوبانگی پێشمەرگە، دەیەوێت بە " ئاژەڵێکی درندە"بیان چوێنیت و هەر ئەمەش وایکرد، لە قوناغەکانی دواتر ، بەشیکی عەرەبی عیراق وا تێبگات، کە کورد مرۆڤ نین و ئاژەڵێکی دڕندەن بەو کێوانەوە، کوشتن و لەناو بردنیان ئەرکێکی ئاینی و ئاکاری و ژیانی و ژیارییە، بۆ مانەوەی مرۆڤی عەرەب لە عێراقدا.

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، پێویستە شەڕی پێشمەرگە بکرێت، چونکە ئەوان ئامرازی جێبەجیکردنی "خەونی دەولەتی کوردستانن". کە ئەو بە هیچ شیوەیەك داننانێت کورد خاوەن خاکی خۆی بێت و ناوی کوردستان بێت و دووپاتی دەکاتەوە دەولەتی کوردستان خەونیکە و نایەتەدی و لەسەر دەستی سوپای عیراق لەبار دەبریت. ئەو سوپایەی " کە دەتوانیت سەریان بپەرێنێت، وەك چۆن مەڕ سەر دەبڕین" ( **العجلی، 1968**:ص **66**).

دواجار ( عجلی) داوا لە عەرەبی عیراق و و دەرەوەی دەکات کە " دەبیت بزانن، ئەوان لەبەردەم دوژمنیکی نوێدان، ناوی( پیشمەرگەیە)، ئامانجیان هەمان ئامانجی زایۆنیەکانە، وە هیواو ئاواتیان کوشتنی عەرەبە لە عێراق و دامەزراندنی ئیسرائیلێکی ترە لە باکورەکەی" و "پیویستە لەسەر عەرەب کەبەدواداچوون بکەن بۆ ئەوەی چ ڕوودەدات لە باکووری عیراق، وە لە پیشمەرگە تیبگەن ، ئەو هیزە زایۆنیەی بە زمانی کوردی قسە دەکات ... هەموو عەرەب با ئاگای لەم پەتا کوشەندەیە بیت کە بەرۆکی عیراقی گرتووە" ( **العجلی، 1968**:ص **67**، **70**).

## دەرئەنجام

1- عجلی لەنووسینی کتێبەکەیدا، نەیتوانیوەو نەیویستوە لە مێژووی کوردو کوردستان و بزاڤە سیاسیەکەی تێبگات. هەربۆیەش سەرتاپای بەرهەمەکەی بریتی یە لە هێرش کردن و ناو زڕاندنی کوردو نووسەرو ڕێبەرەکانی و شێواندنی ڕاستیەکان و گێرانەوە بنەچەی کورد بۆسەر عەرەب.

2- نووسەری کتێبەکە، نەیتوانیوە، وەك کەسێکی ئایندارى ئیسلامی سوننەی عەرەب، بێ لایەنی و ڕاستگۆیی خۆی نیشان بدات لەم بەرهەمەیداو جیاوازی نەبووەو بگرە لە زۆر ڕووەوە، توندترببووە لەزۆرێك لە نووسەرە نەتەوەییە عەرەبیەکانی تری عێراق.

3- ئەم بەرهەمەی عجلی هەوڵدانێك بووە بۆ ئەوەی هانی عەرەبی عێراق و کەسە دەسەڵاتدارو گروپە توندرەوەکانی بدات، دژ بە کورد بوەستنەوە و ستایش و پەسنی هەوڵی هەندێ لەو جۆرە کەسانەش دەکات. وە ڕەخنەی توندیش لەوانە دەگرێت کە بەرامبەر کورد نەرمی دەنوێنن.

4- نیشاندانی وێنایەکی ناشیرن وقێزەونانەی کورد بەرامبەر بە عەرەب و نەتەوەو پێکهاتەکانی تری عێراق، هەروەها بە دێوەزمە کردنی کوردو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لێکچواندنیان بە ئاژەڵ و دڕندەی کێوکان و دزو جەردەو ڕێگر.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: تێزونامە زانکۆییەکان:

قادر، أحمد محمدأمين (2016)، القضية الكوردية في مؤلفات العرب العراقيين حتى عام 1975(دراسة تاريخية – سياسية)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

دووەم: پەرتووك:
**أ/ بە زمانى كوردى :**
خۆشناو، شوان محمد ئەمين (2016)، هەولێر لە نيوان سالانى 1963-1970، هەولێر.
هاوارى، سەفەر كەريم(2011)، پێشمەرگە (وەك سومبوليك لەديرۆك و ئەدەبيات و هونەرى كوردى دا)، ئەكاديمياى كوردى، هەولێر.
**ب/ بە زمانى عەرەبى:**
ئيمينكى، صبرية جرجيس عبدالرحمن(2013), جريدة التاخي (دراسة تاريخية في موقفها من التطورات السياسية 1967-1974), دهوك).
أسسرد، فريد(2008),أصول العقائد البارزانية، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية, السليمانية.
بادى, ميڤان عارف(2008), موقف الاحزاب السياسة العراقية من القضية الكوردية 1946-1970), اربيل.
البارزانى, عزيز حسن(2002), الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق 1939-1945)، دار سبيريز, دهوك.
البارزانى, مسعود(2002) البارزانى و الحركة التحررية الكردية، ج3, دهوك.
حسن, وصفى(2012), عيد النوروز في الشعر العربي, مطبعة خاني, دهوك.
خورشيد, فؤاد حمه(2005), اللغة و اللهجات الكوردية ( دراسة جغرافية) دار الشؤون الثقافية العامة, بغداد.
الخيون، رشيد(2017)، إيران والاخوان: الشيعة القطبيون، مركز المسبار، الامارات.
العبودى, ستار نورى(2009)، عبدالعزيز العقيلي( حياته و دوره السياسي فى العراق 1919-1981), دار المرتضى، بغداد.
العجلي، معن شناع(2010)، الخميسية وما حولها: حوادث وانساب، الدوحة.
علو, سعيد خديدة(2006), العلاقات العراقية ـ الايرانية و اثرها فى القضية الكوردية فى العراق 14 تموز 1958 – 8 شباط 1963، دهوك.
الغزي، فاضل(2012)، سوق الشيوخ: مجرى نهر وذاكرة مكان، بغداد.
قادر، أحمد محمدأمين(2007), موقف مجلس النواب العراقى من القضية الكردية في العراق 1925-1945, مركز ژين, السليمانية.
محمد, شيرزاد زكريا(2006)، الحركة القومية الكوردية فى كوردستان العراق 8 شباط 1963-17 تموز1968, دار سبيريز, دهوك.
يحي, اسامة عدنان(2016), الديانة الزرداشتية: ملاحظات و أراء , أشور بانيبال للكتاب, بغداد.

## صورة الكورد لدى معن العجلي من خلال كتابه (ماذا في شمال العراق)

**الخلاصة**

**يحظى كتابة التاريخ لدى الشعوب إهتماما كبيرا، لأنهم يستطيعون من خلال ذلك التعرف إلى ماضيهم وبناء مستقبل زاهر لهم. وإن كتابة التاريخ لدى الشعوب يزداد أهميته عندما تكتب وتحرف هذا التاريخ من لدن أعداء هذا الشعوب.**

**وبما أن الكورد، كأحدى القوميات في العالم، تعرض تأريخه للتشويه والتحريف من قبل الآخرين، سواء عن قصد أم لا. فان ذلك ادى غلى إنتاج صورة سلبية ومحرفة عن الكورد. وبالنسبة إلى الكورد في جنوب كوردستان، فبما أنهم يعيشون مع العرب داخل العراقن لذلك فانهم تعرضوا على يد القومية المهيمنة وهي العرب، إلى حملة التحذيف أو على الاقل الحريف والتشويه التاريخي. وإن هذه المحاولات والخطوات تزداد عندما كانت هناك حراك سياسي كوردي قوي في العراق.**

**إن هذه الدراسة محاولة لتسليط الضوء على إحدى الكتب والمعنونة (ماذا في شمال العراق) لمؤلفه معن العجلي. ويكمن اهمية الكتاب، رغم فقانه للمعايير العلمية والمنطقية، كونه يمثل وجهة نظر أحد الكتاب العرب القوميين الاسلاميين السنة، والذي كان مقربا من التوجهات والخطاب الرسمي العراقي آنذاك. ولذلك فقد حاولنا تصويب ما حرفه الكاتب، مستعينين بالمصادر العلمية وإظهار صورة حقيقية للكورد وتاريخهم.**

***الكلمات الدالة:*** تاريخ الكرد وكردستان ، معن العجلي، البارزاني، البيشمركه

Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org

# THE IMAGE OF KURDISH BY MAAN AL-EJLY IN HIS BOOK WHAT IN NORTHERN IRAQ.

AHMAD MUHAMADAMIN QADIR
Dept. of History, Faculty of Education, Koya University, Kurdistan Region, Iraq

**ABSTRACT**

**down their history, these nations can know their past and build their future on solid foundations. This kind of writing becomes more important when the national history is disrupted by others.**

**There is no doubt that writing history has been very important for all the nations . Because by writing the history of the Kurds, like other peoples, has gone through several twists and turns. Some have tried, intentionally or unintentionally, to distort this history and write it on unscientific grounds, and to visualize them according to their relationship with them, without relying on historical facts.**

**In northern Kurdistan, the Kurds live with Arabs in the framework of one state. It was natural for some Arab elites to write the history of the Kurds. Most of this writing reflects the view of these elite on the basis of racial superiority. They try to suppress their historical presence or at the very least distort their image in history, especially during the Kurdish movements against the center.**

**In this paper, we are trying to introduce one of the books that had been wrote from the view of distorting the image of the Kurds, which is What in Northern Iraq? by ( Maan Al-Ejli) According to our information, the content of the book has not been studied and analyzed before. Therefore, we adopted a critical approach in analyzing the content of the book and responding to the wrong information it contained about the Kurds.**

***KEY WORDS***: Kurds and Kurdistan, Maan Al-Ejli, Peshmerga, Barzani,


Email.ahmad.muhamadamin@koyauniversity.org